# به چ پێوەرێک هونەرمەندان بەراورد دەکرێن؟

## هونەرمەندێک: گوناحە هونەرمەندێکی وەک زەکەریا بەراورد بکرێت لەگەڵ هونەرمەندێکی تازە پێگەیشتو

ئا/ رۆشنە عومەر

هەر هونەرمەندێك ستایل و شێوازی خۆی هەیە لە گۆرانی گوتندا کە پێی ناسراوە، ئەگەرچی هەندێك لەوانەی لە سەرەتای دەستپێکی کاری هونەریدان تەقلیدی هونەرمەندانی دیکە دەکەنەوە، لەهەمان کاتدا جەماوەر و هەواداری خۆیشی هەیە و شێواز و ستایلی هونەرمەندەکەیان پێ باش و پەسەندە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەندێك کەس هەڵدەستن بە بەراورد کردنی نێوان دوو هونەرمەند کە لەهەموو لایەکەوە جیاوازیی نێوانیان ئاسمان و رێسمانە، بۆیە بەپێویستمان زانی راو سەرنجی چەند کەسێکی شارەزا لەم بوارە وەربگرین دەربارەی پێوەرە زانستییەکانی نێوان هونەرمەندان.



**هونەرمەندێك تەنیا یەك كاری هونەری كردبێت نابێت بەهیچ شێوەیەك بخرێتە بەر بەراورد كردن مامۆستا شێرزاد سەرسـپی كە شارەزای بواری گۆرانی و موزیكە دەربارەی ئەم دیاردەیە دەڵێ:** هەر رۆژنامەنووسـێك یـان رەخنەگرێك ئەگەر بیـەوێ بەراوردی نێـوان دوو هونەرمەند بكات، پێویسـتە سەرەتا شـارەزاییەكی تەواوی هەبێت، رۆژنامەنووس دەبێ رای كەسانی تر بگەیەنێت، هەروەها دەبێ پێوەندی بەو كەسـانەوە بكات كە شـارەزاییەكی تەواویان هەیە لە هونەری خۆیان كـە دەتوانـن ڕای خۆیان دەرببـڕن، لەلایەكی دیكـەوە پێویسـتە هونەرمەند لەسـەر بنەمای كارە هونەرییەكانی بـەراورد بكرێت نەك یەكێك تەنیـا كارێكی هونەری كردبێت ئەمەیان نابێ بە هیچ شـێوەیەك بخرێتە بەر بەراورد كردن، چونكە هەندێـك جار ڕێكەوت ڕۆڵی هەیە لە دەركەوتنی هونەرمەند، بەڵام دوای ساڵێك ئەو سەنگ و بەها هونەرییەی نامینێت، لە هەمووی گرنگتر نابێ رۆژنامەنووس یان ئەو كەسـەی بەراورد دەكات نابێ ئینتیمای سیاسی یان برادەرایەتی و ناسین لەبەرچاو بگرێت.

**زۆربەی هونەرمەندەكان لەكاتی گۆرانی وتندا تەنیا هاوار دەكەن**

**هونەرمەند ئیسـماعیل سابوری سـەبارەت بەم بابەتـە دەڵێت:** ئەوەی كە دادەنیشـێت جیاوازی نێـوان دوو هونەرمەند دەكات من پرسـیارێكی لێـرە لێدەكـەم ئایا خـۆی تاچەند شـارەزایی لەبواری مۆسـیقادا هەیـە، تاكو ڕێگە بەخۆی بـدا جیاوازی نێوان دوو هونەرمەند بكات. یەكەم جار بابچێت ئاسـتی ڕۆشـنبیری مۆسـیقایی خۆی بەرز بكاتەوە ئینجا بێت جیاوای نێوان دوو هونەرمەند بكات .بەڕای من ئەوانەی ئەم كارانە دەكەن دەیانەوێت لەڕێگای ئەم شـتانە ناوبانگی خۆیان دەربكـەن .بۆیە هیوادارم هەوڵدەن توانایی خۆیان بەرزبكەنـەوە بۆئەوەی خۆیان بەكاری بەم جـۆرە خەریك نەكەن. گوناحـە زەكەریا لەگەڵ هونەرمەندێكی تـر بـەراوردی پێبكرێت، زۆر بەداخەوە بۆكوردستانی ئێمە شتەكان زۆر ناشیرین دەكـەن هونەرمەندێك ئەوەندەی لەژیانی هونەری بۆ ماوەی كاتژمێرێك دانەنیشتووە زانیاری خۆی زیادبكات، هەتا تەنانەت ئەدەبی دانیشتنیشـیان نییە لە شاشەكاندا. ڕێزم بۆ هونەرمەندەكان هەیە، بەڵام ئەوەی ڕاسـتی بێت ئێستا تەنیا سێ چوار هونەرمەند لە گۆڕەپانەكەدان ئەوانیش (مەریوان سەفادین و زەكەریا وزیاد)ە .بەداخەوە ئێمە دەنگ خۆشمان نییە لەكوردسـتان زۆربەیان بەس هاوار دەكەن تەنانەت خەڵكی ئێمەنازانێت دەنگی خۆش و ناخۆش لێك جیابكاتەوە .

**هونەرمەند سـەید ئەحمەد ڕواندزی هەمان ڕای هونەرمەند سـابوری هەیە و دەڵێت:** ئەم بەروارد كردنە كارێكی ناڕەوایە، چونكە هەر هونەرمەندە بەپێی توانایی خۆی كاردەكات لەڕاگەیاندنەكانی ئێمە تەڕو وشـك بەردەكەوێت هیچ فلتەرێك نییە لەڕاگەیاندنەكان دەنا ئەمە نابێتە بەراورد تۆ بێنی، زەكەریا لەگەڵ هەر هونەرمەندێك بەراورد بكەی، چونكـە ئەمانە هەریەكە بەپێـی توانای خۆی كاردەكات بۆنموونـە زەكەریـا كاتێك بەرهەمێك دەكات دەگەڕێـت لەچەند شـوێنێك بـۆ پەیدا كردنی میوزیكژەنی باش بۆ ئەوەی بەرهەمێكی جوان پێشـكەش بكات كەواتە ماندووبونێكی زۆر دەچێژێت، تۆ بیهێنی لەگەڵ هونەرمەندێكی تر بەراوردی بكەی كەئـەو هونەرمەندە بەرهەمێك یان دووانی هەیە. دیسان دەیڵێمەوە ئەم بەراوردانە بەكارێكی سەقەت دەزانم .

**هونەری ئەمڕۆ شێواوە**

**خانمـە هونەرمەند نـازێ عەزیزی وت:** دنیایی هونـەری ئەمڕۆمان دونیایەكـە دەتوانین بڵێین شـێواوە، چونكە هەركەسـە بەڕێـگای خۆیدا دەڕوات. كەس ناتوانێت بەڕێگای كەسـێكی تر دا بڕوات لەبواری هونەری ئەمە ڕاسـت ناكات چونكـە هەر گوڵەو بۆنی خۆیی لێدێت. من پێم وایە ئەوانەی ئەم كارانەدەكەن ئەوا پارە وەردەگرن بەم كارانە بۆئەوەی كەسـێكی تر گەورەتر بكەن لەكەسـێكی تر. ئەمەكارێكی نادروستە، چونكە هیچ كەسێك ناتوانێت كەسێكی تر بەراورد بكات لەگەڵ كەسـێكی تر، چونكـە هەركەس بەپێی خۆی دەتوانێـت كاری هونەری بكات كۆمەڵێك خەڵك لەخـۆی كۆبكاتەوە ئێمـە ناتوانین بڵێین یەكێـك كاری وەك و كاری ئـەوی ترە، چونكە هیچ كەسـێك كاری وەكو ئـەوەی تر نییە، بیرو بۆچوونـەكان وەكـو یەك نین. بەداخەوە ئێسـتا كۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس هەن كار دەكەن هیچیان ئەكادیمی نین لەبوارەكـەی خۆیان، بەڕای من دەبێت ڕای چەند كەسـێك كۆبكەنەوە بۆئەوەی بـەراوردی هونەرمەندێك لەگەڵ هونەرمەندێكی تر بكەین.

**تەنیا پسپۆڕێكی شارەزا دەتوانێت بەراوردی لەنێوان هونەرمەندان بكات**

**هونەرمەند تارا ڕەسـول وتی:** من وەك ئەوەی كە شارەزاییەكی تەواوم هەیە و لەبوارەكە خوێندومە، هەروەها گوێگرێكی باشـم لـە هونەری بیانی، دیسـان ناتوانم هونەرمەندێك بخەمە بەراوردەوە، چونكە بەڕاسـتی هەر كەسەو بەپێی خۆی كار دەكات، بـۆ نموونە ئالان جەمال بەراوردی بكەی لەگەڵ زەكەریا كە چەند ساڵە لەبواری هونەری كوردیـدا كار دەكات، ڕاسـتە ڕەنگـە لەچەند شوێنێكەوە لەیەكەوە بچن لەڕووی دەنگەوە، بەڵام ئەمـە ناكاتە ئەوەی كە بەراوردی بكەی لەگەڵ هونەرمەندێكی تر. تەنیا پسـپۆڕێكی گەورە لە بـواری هونەری كوردیـدا دەتوانێت ئەو بەراوردە بكات نەك ڕۆژنامەنووسێك كە هەر لەخۆیەوە بێت بەراوردی هونەرمەندان بـكات. بەداخەوە ئەوانە تەنانەت لەبوارەكەی خۆشییانەوە سەركەوتوو نین ئینجا بكەونە بەراوردی كاری گۆرانیبێژەكانەوە.

**مامۆستا چەتۆ نەورۆزیش دەربارەی گۆرانیبێژی سـەركەوتوو پێویستە چەند خاڵێكی گرنگی تێدا هەبێـت لەوانە:** میلۆدییەكانی ئـەو هونەرمەندە هەڵقوڵاوی فۆلكلۆری میللەتی كورد بن، هەروەها دیاریكردنـی هۆنـراوەش زۆر گرنگە، یەكێكی دیكەش لە پێـوەرەكان بریتییە لـە دیاریكردنی جۆری مەقام و ئایا چ مەقامێك لەگەڵ دەنگی ئەو هونەرمەندە گونجاوە، هونەرمەند هەیە ساڵانە سـیدی دەردەكات كـە لە ١٣ تـراك پێكدێت و ماوەیەكـی زوو لەناو دەچێت، كەچی هونەرمەند هەیە ساڵانە یەك گۆرانی هەیە، بەڵام بە نەمری دەمێنێتـەوە، یەكێك لـە پێوەرەكانـی دیكە كە چەندین جاری دیكەش دووبارەم كردۆتەوە، ئەوەیە كە هونەرمەند هەیە دەتوانێت لە بەرامبەر جەماوەر لەسەر شـانۆ گۆرانی بڵێ، هونەرمەندیش هەیە كە زۆر بەناوبانگە، بـەڵام ناتوانێ لە بەرامبەر جەماوەر بەشێوەیەكی زیندوو گۆران بڵێ، هەروەها هەندێك هونەرمەند هـەن ئەكادیمین دەزانێت لە چ شـوێنێك گۆرانی دەڵێـت و لەرینەوە دەكات، لە بەرامبەردا هەندێك هەن بەشێوەیەكی ڕەمەكی گۆرانـی دەڵێن و ناتوانن وەكو پێویسـت مامەڵە لەگەڵا مۆسـیقا دەكات، بۆیە بە ڕای تایبەتی خۆم ئەو كەسـەی ئـەو پێوەرانـەی تێدا بەدی نەكرێت ناكرێ بە هونەرمەندێكی سـەركەوتووی دابنێین.

**رزگار كێستەیی شـاعیریش دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێ:** هونەری سـەركەوتوو ئـەو هونەرەیە كە سـەرچاوەكەی فۆلكلۆری رەسەنی كوردییە كە هونـەری وڵات و گەلانی دیكـە كاریگەرییان لەسـەری نەبووبێـت، خاڵی دووەمیـش بریتییە لە دەنگ واتـە چۆن دەتوانێـت دەنگی خۆی بەكاردەهێنێـت، زۆر هونەرمەندمان هەیە خاوەن دەنگێكی زۆر خۆشـە، بـەڵام دەچی تەقلیدی هونەرمەندێكـی بیانـی دەكات ناتوانێت تەقلید بكات و دەنگی خۆیشـی تێكـدەدات، هەروەها هەڵبژاردنی ئـاواز و پەیڤەكان زۆر گرنگە، واتە دەبێ هونەرمەند بزانێت چ ئاوازێك بۆ چ پەیڤێك هەڵبژێریـت، زۆر جـار گۆرانی هەیـە ئاواز و تێكسـتەكەی زۆر بەهێزن، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ یەك گونجاو نین، ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە كە هونەرمەندانی ئێمە تا چەنـد ئەكادیمین، لێرەدا پێویستە هونەرمەند بنەما هونەرییەكانی بنەمای رەسـەن بن، هەروەها ئایا دەنگی خۆشە و بزانێت چۆن دەنگی خۆی بەكاربهێنێت، جگە لەمە ئەگەر هونەرمەندەكە ئەكادیمیش نەبێت پێویستە هەندێك شارەزایی هەبێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەكانی راست و دروست بن.

پێویستە ئەوەش بڵێین كە كەسایەتی هونەرمەند زۆر گرنگـە بەتایبەتی بۆ ئێمەی رۆژهەڵاتی رەنگە لە ئەورووپا كەسایەتی بەو شێوەیە گرنگ نەبێت، واتە ئەو هونەرمەندە تا چەند خاوەن هەڵوێسـتە و تا چەند لەنێو كۆمەڵگا ڕێزی لێدەگیرێت.

# نارین بە (زمانێ دایێ) چ پەیامێکی هەیە؟

خانمە هونەرمەند نارین فەقێ بەردەوامە لە کار کردن لەسەر نوێترین بەرهەمی خۆی بە ناوی (زمانێ دایێ) کە تا رادەیەك جیاوازە لە بەرهەمەکانی پێشووتری، جیاوازییەکەش لە ئاواز و تێکست و لە هەموویشی گرنگتر ئەو پەیامەی کە دەیەوێ لە رێگای ئەو بەرهەمەوە بیگەیەنێت، کە زیاتر مۆرکێکی نەتەوەیی لە خۆ گرتووە و هەوڵێکە بۆ پاراستنی زمان و زاراوە کوردییەکان و ئاشنا بوونی رۆڵەکانی کورد پێیان.



## بۆچی (زمانێ دایێ)؟

هەڵبژاردنی ناو بۆ بەرهەم یەکێکە لە کارە سەختەکان بۆ هونەرمەند، نارین دەربارەی ناوی بەرهەمە نوێیەکەی دەڵێ: «زمانێ دایێ» یەکێکە لە گۆرانییەکانی بەرهەمە نوێیەکەم کە لە پەیڤی شاعیری هێژا ئەدیب چەلکی وئاوازی میهاد عەلییە، لە هەر ئەلبوومێکدا من حەز دەکەم وەك هونەرمەند و رۆشنبیر بابەتی جیا بەکاربهێنم، لە ئەلبوومی (هیڤی)دا گۆرانی (هێڤی)م گوت بۆ بەرگری کردن لە ماف و ئازادی ئافرەتی کورد، (زمانێ دایێ) و زمانی نەتەوەیی مافێکی کلتووری و نەتەوەییە، گەنج و لاوەکانمان پێویستە فێرە زمانی کوردی بن و زاراوەی کوردی بزانن و شرۆڤەی بکەن، چونکە زمانی کوردی زەنگینە، جیاوازی ئەم بەرهەمە لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووتر ئەوەیە حەز دەکەم بە تەکنیکی بەهێز و ستایلی نوێ و ئامێری موزیکی جیاواز خزمەتی هونەری و ئەدەب و کلتوری کوردی بکەم، ئەگەر هیچ گرفتێك تەکنیکی دروست نەبێت ئەوا لە کۆتایی ئەم ساڵدا بەرهەمە نوێیەکەم بڵاو دەکرێتەوە.

وەك زۆربەی بەرهەمەکانی دیکەشم ئاوازەکانی ئەم بەرهەمە کوردین و گۆرانییەکانیش هەموویان نوێن، ئاوازەکانیش زیاتر لەو جۆرانەیە کە بە فۆلکلۆر دەناسرێن.

## دەمەوێ منداڵانی کورد شارەزای زمانی کوردی و زاراوەکان بن

نارین فەقێ دەڵێ: شاعیری هێژا ئەدیب چەلکی هەر لە سەرەتای پرۆژەی ئەم بەرهەمە نوێیەوە تا ئەمرۆ هاریکاری کردووم و ٣ گۆرانی ئەلبوومەکە لە شیعرەکانی ئەوە، کاك ئەدیب کەسێکی رۆشنبیر و خاوەن زانیاریی زۆرە دەربارەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، زۆر خۆشحاڵ بووم بۆ ئەم هاوکارییەی، هەروەها زۆر سوپاسی خاتو روندك بامەڕنی دەکەم دەکەم کە زۆر هاریکاریان کردم و پشتیوانم بوون لەو ئەلبوومە و مرۆڤ رۆشنبیرن و زۆر حەز دەکەن هونەری کوردی پێشکەوێت، نارین هەروەها دەڵێ: منداڵانی کورد تا ئەمرۆش لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە زمانی کوردی قسە ناکەن و زاراوەکان نازانن، بۆیە حەز دەکەم لە هەر ماڵێکی کورد دایك و باوك و منداڵ، دۆست و برادەرانم گوێ لە گۆرانی (زمانێ دایێ) بگرن و زاراوەی کوردی بزانن، هەروەها لە رێگای ئەم گۆرانییەوە بزانن، لە دیرۆکی کورددا کێ زمانی کوردی هێناوەتە بوون و کێ لە شاعیرە نەمر و نووسەرە گەورەکانی کورد زمانی کوردی نووسیوەتەوە بۆ نموونە: بابا تاهیری عوریانی، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، عەلی حەریری، فەقێی تەیران، و زۆر لە نووسەرانی تری نەمر کە خزمەتی نووسینەوەی زمانی کوردییان کردووە.

نارین پێی وایە زمانی کوردی جۆرێك شپرزەیی پێوە دیارە، بۆیە دەڵێ: زۆر پێم ناخۆشە کە زمانمان جودا و شپرزە بووە، بۆ نموونە کوردانی دەڤەری سۆران، رۆژهەڵات و باشوور، رۆژئاوا زاراوەی زازاکی تێناگەن، ئەمە گرفتێکە گەورەیە بۆ پاشەڕۆژی کەلتوور و ئەدەبی کوردی، بۆیە پێویستە ئێمە وەك یەك زمان سەیری زمانی کوردی بکەین و نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە زمانی لاتینی کوردی ئاسانترین شێوەی نووسینە بۆ زمانی کوردی لە پاشەڕۆژدا، هەروەها نووسین بە پیتی کوردی لاتینی ئاسانترە بۆ بێگانە و بۆ ئەو کوردانەی لە وڵاتانی دەرەوە ژیان بەسەر دەبەن، بۆ نموونە لە ئەورووپا منداڵا و گەنجی کورد هەن کە لە نووسین بە پیتی عەرەبی تێناگەن جگە لەوە مخابن کە ترسی ئەوە هەیە نووسین بە پیتی لاتینی لەبیر بکرێ.

نارین پێیوایە زۆر زەحمەتە هونەرمەندان بتوانن ئەم کارە بکەن و دەڵێ: ئەمە کێشەیەکی سیاسییە و پێویستە پەرلەمان و سیاستەتمەداران بڕیار بدەن کە نووسینی کوردی بکرێت بە پیتی لاتینی بەشێوەیەکی فەرمی، بەمەش جیاوازی کەم دەبێتەوە، چونکە ئەگەر بە فەرمی زمانی نووسین بکرێتە لاتینی ئەو کات خەڵکی ئەورووپا و ئەمریکا کە نووسینیان بە زمانی لاتینییە دەتوانن فێرە زمانی کوردی بن و بیخوێنن، بۆ نموونە ئێستا لە زانکۆی سوید زمانی کوردی بە پیتی لاتینی دەخوێندرێت و لەبەر ئەوەی هەر کەسێك دەتوانێت بیخوێنێت، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە نووسین بە زمانی لاتینی گرفتەکانی زمانی کوردی کەم دەکەنەوە، بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێت بە پیتی عەرەبی بیخوێنێت.

## هەر هونەرمەندێك ستایلی تایبەتی خۆی هەیە

دەربارەی ئافرەتە هونەرمەندەکان نارین فەقێ دەڵێ: من پیشتریش گوتوومە هەر هونەرمەندێك ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هونەری رەسەن لەلای من ئەوەیە کە هونەرمەندێك (ئافرەت و پیاو) بتوانێت تێکستی جوان، ئاوازی کوردەواری زیاتر لە کارەکانیدا بەکار بهێنیت وەك خزمەت کردنێك بۆ هونەر و کلتووری کوردی، نارین هەروەها دەڵێ: تا ئەمرۆش موزیکی کوردی لەلایەن تورك و عەرەب و فارسەوە دەدزرێت بۆیە پێویستە ئێمە وەك هونەرمەند پشتگیری لەوە بکەین کە گۆرانی فۆلکلۆر و رەسەنی خۆمان قەت لە بیر نەکەین و وابکەین لە دڵ و مێشکی رۆڵەکانیشماندا زیندوو بمێنێتەوە.



# سەلام کۆیی:

# هەندێک هەن هونەری کوردی درویێنە دەکەن

**سـەلام كۆیی تەمەنێكی زۆری لەنێو شـانۆ و درامای كوردی بەسـەر بردووە و ئێستاش بەردەوامە، دراماكانی (تاپۆ حەقی چییە) و ( هەبوو نەبوو) گەواهیدەری ئەم راسـتییەن كە سـەلام كۆیی خاوەن چ بەهرە و توانایەكی هونەری بەرزە و تا چەند بە دڵسۆزی خزمەتی بە دراما و هونەری كوردی كردووە، لەم دیمانە كورتەدا باس لە چەند لایەنێكی تایبەت بە خۆی دەكات.**

*** تێبینی سەلام كۆیی جۆرێك لە ناڕازیی بوونی لە بارودۆخی ئێستای هونەری كوردی پێوە دیارە، هۆكاری ئەم ناڕازی بوونە چییە؟**

- تەمەنێكـی دوورو درێژی خۆم لەبواری هونەری شـانۆو دراما بەسەر بردووە، كە نزیكەی ٤٣ساڵە، هیچ سـڵم نەكردووە، ئەگەر هیچ نەبێ ساڵێ تەنیا بەرهەمێكم هەبووە كەچی سـەیر دەكەی ئەوەندەی ئێمـە خزمەتی هونەری كوردیمان كردووە خەڵكانێك هەن بەقەد ئەوە دژایەتی نەتەوەكەی منیان كردووە، ئێستاش لەبەر چاوی من گرنگییان پێ دەدرێ، نەك هەر من بگرە چەندین كەسـمان هەیە وەك (سەباح عەبدولرەحمان، عەلی ئەحمەد، ئیبراهیم حەكیم) لە كۆنەوە لەگەڵ من كاریـان كردووە، هونەرمەندمان هەیە ئێسـتا لەماڵـەوە كەوتووە و كـەس ئاوڕی لێناداتەوە، بەراستی ئەوە شوورەییە بۆ حكومەت كە نەتوانێ بژێوی ژیانی هونەرمەندێك دابین بكات كە چەندین ساڵە كاری كردووە

*** هۆكاری سەركەوتن و بەزیندوویی مانەوەی(تاپۆ حەقی چییە) بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەگەر سـەیری ئەو بەرهەمە بكرێت تەمەنێكی دوور و درێـژە كەوتـە ناو تەمەنی ٢٨ سـاڵییەوە لەساڵی ١٩٨٤ تۆماركراو لە هەمان ساڵیش مۆنتاژ كـراو، لە كەناڵـی كەركوك ئەو كات ئـەو كەناڵە هەبـوو هەندێك بەرهەمی كـوردی پەخش بكات، تائێسـتاش چەندین جار پەخش كراوە وابزانم كەس لێی بێزارنەبووە، هۆكارەكەشـی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كاتی خۆی ئێمـە كارێكمان دەكرد گوێمان بەهیچ نەدەدا تەنها دەمانویسـت خزمەت بە (خەڵكەكە و میللەتەكە و شـارەكە) بكەین، زۆر بەسادەیی چۆن بڵێی هیـچ گرفتێكی وای تێدانییە كە خەڵك لێی بێزار بێ، بەرهەمەكە پێشـكەش كرا، لەماوەی سێ رۆژو دوو شـەو بەبێ پشـوودان ئەو بەرهەمە هاتە كایەوە، بەیانیان زوو حاجی لەسەر پەیژەكانی قەڵات دەهاتە خـوارەوە، لەگەڵ خدر لۆبیا فرۆش قسـە دەكات ئینجا كەتەواو بووین جەماعەتی كەركوكمان بەرێ كرد و ئێمەش هاتینەوە بۆ پشـوودان، لەخوا بە زیاد بێ تائێستاش هەر ماوەتەوە، ئەو بەرهەمانەی ئێسـتا پێشـكەش دەكرێن تەنها بۆ گیرفان پڕكردنەو هیچی تر.

*** دوای تێپەربوونی زیاتر لە ٢٥ساڵ ئێستا دەتوانرێ زنجیرەیەكی هاوشێوەی (تاپۆحەقی چییە)یان(هەبوو نەبوو)بەو ئاستە بەرهەم بهێنرێ؟**

-بەمەرجێـك ئەگەر بێتو وەك ئەوەی بچین بۆ حەمام ئاو بە خۆمـان داكەین و خۆمان خاوێـن بكەینەوە، ئەو رق و كینەی لەناو دڵمان هەیە فڕێی بدەن سـەر لەنوێ بەپاكی و خۆشەویستی و دڵسۆزی بێینەوە ناو گۆڕەپانی كار كردن، بەڵـێ دەتوانین بەرهەمێكی وا پێشكەش بكەین.

***ئەو ئاستەی ئێستا هونەری كوردی تێیكەوتووە كێ لێی بەرپرسیارە؟**


-هۆكار زۆرە لەوانـە نەبوونی هاوكاری یان نەبوونی پاڵپشـتی، هەندێك هەن وەك دروێنە بەداس كەتوونەتە بەری، هەندێكیش هەن قەسەڵەكەشی بەرناكەوێ، ئەو جیاوازییە هەیە بۆیە سـەیر دەكەی دەبینی هونەری كوردی لەلایەك لە ئاسـتێكە لەلایەكـی تر نزمترە، بۆنموونە سـاڵی پار تا ئێسـتا چەند شـانۆگەری پێشكەش كراوە، بەڵام هیچی لەئاستێكی سەركەوتوودا نەبوون، لێرە پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی هونـەرو بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لێژنەیەكی هەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هونەرمەندانەی كە سـەركەوتوون، بۆ هونەرمەندێكی گەنجـی وەك كارۆخ ئیبراهیـم حەكیم كە شانۆییەك دەكات بە دوو رۆژو سێ رۆژ هۆڵەكـەی پـڕە لەبینەر، كەواتـە بەو پەڕی خۆشەویسـتییەوە دوور لە هیچ شـتێك، مەبەستی ئەوەیە شتێك پێشـكەش بكات پوخت و دیاربی، بە هەموو شانۆكانەوە نەیانتوانیوە ئەو بینەرە كۆ بكەنەوە، شـانۆ هەبووە دە یان پانزە بینـەری هەبووە كەواتە پێویسـتە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لێژنەیەك دابنێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو هونەرمەندانە.

*** هۆكاری كەمی بینەری شانۆ چییە؟**

- چونكـە بەرهەمەكان كـز و لاوازن، بینەر خۆی كاتێك دەبیسـێت كە هونەرمەندێك شانۆیەكی هەیە دەزانێ ئاسـتی ئەو هونەرمەندە چەنـدە، كەواتە، كەمـی ئامادەبوونی بینەر دەگەڕێتـەوە بۆ درك كردنی بە ئاستی هونەرمەندەكە.

*** پێت وایە شـانۆی كوردی لەسەردەمی ئێستادا تەواو جێی بایەخەو گرنگی پێ دراوە؟**

- نەخێـر، كەمترخەمە جا لایەنی كەمتەرخەم كێیە ئەوا دەبێ لێی بكۆڵدرێتەوە.



دیمانە: بەهرە سدیق



# ئەدیب چەلکی:
# زەکەریا هونەرمەندێکی لێهاتوو و شارەزایە

هۆزانڤانــی نــاودار ئەدیب چەلکی کــە کاری لەگەڵ چەندین هونەرمەندی کورد کردووە لەوانە حەســەن شــەریف و زەکەریا و چەندانی دیکە، بەڵام ئەو جێی سەرنجە ئەو تێکستانەی کە لەلایەن زەکەریاوە کراونەتە گۆرانی ســەرکەوتوو بوون، دەربارەی پێوەندی نێوان خــۆی و زەکەریا دەڵێ: پێوەندی من و زەکەریا دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی ٢٠٠٠ ئەو کات لەســەر نووســینی چەند تێکستێك رێککەوتین، لە ئەلبوومی (رۆژگار/ ٢٠٠٢) دوو تێکســتی منی تێدا بوو و لە ئەلبوومی (تێلیناز/٢٠٠٤)یش چوار تێکستی منی تێدا بوو و زۆریش ســەرکەوتوو بوو لــەم کارانەداKl بەتایبەتی لە ئەلبوومی (تێلیناز)، گۆرانی (تێلیناز) و ســروودا (کوردستان) بەڵگەی ئەم سەرکەوتنەون، هەروەها ئەدیب چەلکی دەڵێ: بەپێی گۆڤارێکی ئابووری جیهانی کە لە ماڵپەری ( ئاڤێستا کوردی ) سێ ملیۆن و نیو دانە ئەلبوومی (تێلیناز) فرۆشراوە.

ئەدیــب دەڵێ: پێوەندی من و زەکەریا هەتا ئێســتاش بەردەوامە، هونەرمەندێکــی هێــژا و بەرز و هونەردۆســتە، هونەرمەندێکی لێهاتوو و شــارەزایی موزیکە، زۆر بە شــارەزایی و پســپۆری موزیکــی گۆرانییەکانی دابەش دەکات کــە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هونەری زەکەریا، خاڵی دووەم نەبرە و تامێکی تایبەت و ناســکی هەیــەو لە دەنگی زەکەریادا کە ســتایلێکی تایبەتــی خۆی هەیە، بەکورتــی زەکەریا حەز لە هونەری خۆی دەکات و گرنگییەکی زۆر بە گۆرانییەکانی خۆی دەدات بۆیە بە سنگێکی فراوانەوە گۆرانییەکانی دابەش دەکات.



## شانۆگەریی شــــ

## خۆراگری ئافرەت لە



ئافرەت هەمیشــە قوربانییەکەیە،خۆشەویســتی و خۆراگری هیوایەکە بۆ رزگاربوون لەو قەدەرەی سیســتەمی باوکســالاریدا، ئەمە بوو پەیامی شانۆگەریی (شــەوی لەدایك بوون)کەبۆ مــاوەی دوو ئێوارە، پتر لەهەزار بینەر بەشــداری لە ئاهەنگــی لە دایك بوونی ئەو پیاوەکرد کە لەســەر شــانۆدابوونی نەبوو، ئەوەی دەبینرا نمایشی چوار ئەکتەری ئافرەت بوو، ســەربردەی ئافرەتی کلۆڵیان دەگێرایەوە، پیاو لەو شانۆگەرییەدا بەڕووی راستەقینە بە دیار نەدەکەوت، ئەوان دوو پیاو بوون لەو ململانێیەدا ماسکیان لەســەر بوو، ئەو شانۆگەرییە لەسەر ســێ کۆڵەگە بنیات نرابوو، کردار- گێرانەوە- گوزارشــتی شیعری، مەهتابی مەلا عوسمانی نووسەر، پتر لە بیست ساڵە دەنووسێ. پاش شانۆگەریی (چی شێتی کردوون) (وێستگەی چاوەڕوانی ) ئەمە سێیەمین شــانۆگەریە نمایش دەکرێ. ئومێد تەحسین شــەعبانی دەرهێنەر وەکو کاری هونەری ئەمە ســەخترین دەرهێنانی ئەو

# جۆهانسۆن بە رەسمی تەڵاقدراوە

خانمە ئەکتەر سکارلێت جۆهانسۆن بە رەسمی لە ئەکتەری کەنەدی راین رینۆلدز جیابووە، دوای نزیکەی دوو ساڵ و شەش لە ژیانی هاوسەرێتییان.
چەند ماڵپەڕێکی ئەمەریکی رایانگەیاند کە کاروباری جیابوونەوە وتەڵاقدان لە دادگایەکی باڵای لۆس ئەنجلۆس ئەنجامدران و هەردوو لا رێککەوتوون لەسەر دابەشکردنی سەروەت و سامانەکانیان بەشێوەیەکی یەکسانی، لەلایەکی دیکەوە چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە هەردوو لا رایانگەیاند کە رینۆلدز داوای جیابوونەوەی کردووە لە هەمان کاتدا جۆهانسۆن هەمان داوای هەبوو، هۆی تێکچوونی پێوەندی نێوانیان بەهۆی گرنگییدانی هەریەکیان بە کاروباری تایبەتی خۆیەوە بووە بەجۆرێك کەسیان ئاگایان لە ئەویتر نەبوو.

## ...ەوی لە دایک بوون

## سیستەمی باوکسالاریدا



بووە. پاش شانۆگەری کوشتنی خەونە پەمەییەکان، رووپاك عەبدولقادری ئەکتەر جارێکی دیکە توانای هونەری خۆی زیندوو کردەوە لەنمایشکردنی کارەکتەری پیرەژن هێرۆ مەولودی هەنگاوێکی سەختی بڕی و توانی جۆرێك لە گۆڕانکاری بەسەر شێوازی نواندنەکەیدا بێنێت، شیلان مستەفا دوای بێدەنگییەکی زۆر دووبارە بەگوڕوتینێکی بوێرانە لە کارەکتەری بووکەکە خۆی نوێ کردەوە، دلڤین موحسین بەسەختترین تاقیکردنەوەدا تێپەڕی توانی لەماوەی یەك سەعاتدا لەسەر شانۆ رۆڵی چەندین کارەکتەری ئافرەت و پیاو ببینێ، لەرۆڵی پیاوە سەر خۆشەکەیدا ئەو گەیشتە بەرزترین ئاستی نواندن تیپی نواندنی هەولێر وەك لە پرۆگرامەکەیدا هاتبوو، بەڵێنی داوە هەمیشە لەسەر بەخشینی مانگانەی خۆی بەرهەمە هونەرییەکانی نمایش دەکا، ئێستاش تیپەکە سەرقاڵی پرۆژەی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنییە رەنگە زیاتر لەسێ ئەڵقە بخایەنێ.

# بۆ یەکەم جار تایلۆر ئاهەنگێکی خۆی دواخست

کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی ناچار بوو ئاهەنگێکی تایبەتی خۆی دوا بخات ئەوەش بە هی تووشبوونی بە نەخۆشییەکی نادیار کە تا ئێستا ئاشکرا نییە.
ماڵپەڕی ( سی ئێم تی ) ی ئەمریکی لەمبارەیەوە بڵاویکردەوە بڕیار وابوو ئاهەنگەکە لە لویزفیل لە کنتاکی ئەنجام بدرێت، بەڵام ئاهەنگەکە دواخرا، ئەمەش یەکەم جارە لە ژیانی هونەری خۆیدا، سویفت ئاهەنگێکی خۆی بەهۆی نەخۆشییەوە دوا بخات، ماڵپەڕکە ئەوەشی راگەیاند کەلەسەر داوای پزیشکان و لەبەر ناجێگیر بوونی باری تەندروستی سویفت ناچار بوو ئاهەنگەکە دوا بخات، هەر بۆیەش زۆر داوای لێبوردنی لە جەماوەری ئامادەبووی ئاهەنگەکە کرد، بەڵام بەڵێنی ئەوەی پێدان کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بە ئاهەنگی گەورەتر و خۆشتر قەرەبوویان بۆ دەکاتەوە، تایلۆر یەکەمجارە، تووشی ئەم هەڵوێستە دەبێتەوە هەستی بە نارەحەتییەکی زۆر کرد و ئەگەر لەبەر رێنمایی پزیشکەکان نەبوایە، ئەوا بەو بارودۆخەشەوە ئامادە بوو گۆرانی بڵێ.



## دانا غەنی:

# بەرهەمی نوێم هەبوو بەڵام تۆزی لەسەر نیشت



ئا/ لۆلان ئازاد

**کەسمان نییە گوێی لە گۆرانییەکەی (ئەرێ هۆ حاجی مەریەم) نەبوبێ و تاوێك لەگەڵ دەنگە بە سۆزەکەی داناغەنی نوقمی خەیاڵ نەبوبێت و ئەم هونەرمەندە بەتوانایەی نەناسیبێت، بەڵام ماوەیەکە لە مەیدانی هونەری دوورکەوتۆتەوە بە دڵێکی پڕ لە حەسرەت و خەم و پڕ لە ژانەوە خۆی حەشارداوە، نەك لە مەیدانی هونەری بەڵکو لە مەیدانی ڕاگەیاندنیش دوور کەوتۆتەوە، هیچ چاوپێکەوتنێك ناکات خۆی بەتەواوی دوور خستۆتەوە، بەڵام لە دەرفەتێکدا ئێمە هێنامانە ئاخافتن و ئەو دیمانەیەمان لەگەڵ سازدا.**

### زیاتر حەزم لە خوێندنە

سەبارەت بە کارە هونەرییە نوێیەکانی خۆی بەگوڵانی ڕاگەیاند: کاری نوێم هەبوو بەس کۆن بوو تۆز لێی نیشت، هەرچەندە لای خۆم هەر تازە دەمێنێتەوە، بەڵام بۆبڵاوکردنەوەی کۆن بووە، بۆیە بڵاویشی ناکەمەوە، ئازاری زۆرم چەشت بەدەستییانەوە، سەرەڕای ئەمەش هیوادارم کە ڕەشبین نەبم. من مرۆڤێکی هەمیشە گەشبینم، بەڵام هەمیشە غەدر دەبینم بەداخەوە کە لێرە باسی غەدر دەکەیت یەکسەر خەڵك خەیاڵی دەڕوات بۆ وەرگرتنی زەوی و پارەو خانوو، من باسی غەدری هونەری دەکەم، باسی ئەو غەدرە دەکەم کە وەك هونەرمەند مامەڵەت لەگەڵ ناکرێت، حەزیشم دەکرد کە بەدەر لە کاری هونەری کاسبییە باش بومایە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەمووی لە هونەرمەندی خۆم پەشیمان نیم لە نێوان کاسبی و خوێندنیش زیاتر حەزم لە خوێندنە.

### کەسایەتی هونەرمەند جیاوازە

بەڕای دانا غەنی کەسایەتی هونەرمەند زۆر جیاوازە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم لە کەسانی تر زۆرترە یا بەرزترە، بەو شێوەیە دەڵێم کە زۆر هەستی ناسك و جوانە. ئەم ڕەشبینییەی ئێستاشم دەی گەڕێنمەوە بو داماوی میللەتەکەم، داماویمان لە هەموو شتێکە، منیش خۆم کوڕی ئەم وڵاتەم، مافی ئەوەم نییە خۆم بە زیاتر بزانم یا ئامۆژگاری خەڵك بکەم، بەڵام هیوادارم کە ڕادەی هۆشیاری خەڵك و ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرز بێتەوە، شتەکان بە چاو ببینن نەهێڵن بە دڵیاندا بڕوات بەڵکو بە ئەقڵ بیپاڵێون.

### تا ئێستا کەس یارمەتی نەداوم

سەبارەت بە بڵاونەبوونەوەی کارە هونەرییەکانی وتی: من کارەکانم بڵاونەبۆتەوە، چونکە تا ئێستا کەس یارمەتی نەداوم داوای یارمەتیشم لەکەس نەکردووە داواش لە کەس ناکەم یارمەتیم بدات، بەڵام داوایەکم هەیە ئەوەیە کە من کار دەدەم بە کەناڵەکان بەخۆڕایی و بێ بەرامبەر ئەوان فرێی نەدەنە تەنەکەی خۆڵەوە، ڕێزی بگرن تائیستاش ڕێزم لێ نەنراوە، بەڵام گەورەترین ڕیز بۆ من ڕێزی خەڵك بوو. سەبارەت بە فەیسبوکەکەشی وتی : خۆم دام ناوە ئەو گۆرانیانەی کە دەبینن و دای دەبەزێنم کوڕەکەم بۆم چاك دەکات.

### مناڵەکانم بەهرەی هونەریان هەیە

دانا غەنی مناڵەکانم بەهرەی هونەریان هەیە من وەکو هونەرمەند حەز ناکەم بێنە ناو بوارەکەوە و هانیشیان نادەم، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ڕێیان لێناگرم با بە دڵی خۆیان بکەن، تەنیا وەك باوك یارمەتیان دەدەم. تاکە تکاشم بۆ هەموو کوردەکان ئەوەیە کە واز لە حیزبایەتی بهێنن و بۆ کوردستان کار بکەن، وڵاتەکەمان چوار پارچە کراوە با هەوڵ بدەین یەك بگرێتەوە.

## کامەران حەسەن:

# ئێستا بە پۆپ و راپ و رۆک دەڵێن موزیکی کوردی

**گروپی موزکی بێســـارانی یەکێکە لەو تیپە هونەرییانەی کە کارەکانیان خۆی لە نوێکردنەوە و زیندوو کردنەوەی گۆرانی و موزیکی رەســـەنی کوردیدا دەبینێتەوە هەر لە ئامێرە موزیکییەکانیان و ئەو گۆرانییە رەســـەنانەی پێشکەشـــی دەکەن، هونەرمەند کامەران حەسەن لەم دیمانەیەدا تیشک دەخاتە سەر چەند لایەنێکی ئەم گروپە و چەند پرسێکی تایبەت بە گۆرانی و موزیکی کوردی.**

*** بیرۆکـــەی دامەزراندنی گرووپی بێســـارانی چۆن گەڵاڵە بوو؟**

- بیرۆکەی دامەزراندنی گرووپێکی موزیکی تەمووروم هـــەر لەوکاتەوە بۆ هاتەپێش کە لە ئێران ئاوارە بووین و بـــەو ئۆمێدە کارم دەکرد، رۆژێك لە وڵاتی خۆم کار بۆ موزیکی رەســـەنی کوردی بکەم. لە دوای گەڕانەوەم بۆ کوردســـتان سەرەتا ئەو هەلومەرجە نەرەخسا کە من بەردەوام بم لە کاری موزیك، بە تایبەت کە بینیم هیچ کەس شـــارەزاییەکی لە بارەی ئامێری تەمووورە نییە و هەروەهـــا بابەتێك کە زۆر بیرم لـــێ دەکرد ئاوازەکانی موزیکی تەمووورە بوو تایبەت بە باشـــووری کوردستان وەك ناوچەکانی « کرماشان و هەورامان و کەرکوك»، بۆیە لە رووی دیالێکتەوە ئەم ئامێرە تایبەت بە زاراوەی گۆران بووە و شـــیعری گـــۆران و تەمووورە وەك بڵێی ئاوێتەی یەکتر بووبن وایە، هەســـتم بە بۆشاییەك لە رووی دیالێکتەوە دەکرد و بە راستیش پێویست بوو کار لە سەر شیعری زاراوەی سۆرانی و تەنانەت زاراوەکانی تریش بکرێت .

*** دەتانەوێ بەو کارەتان چ پەیامێك بگەیەنن؟**

-یەکەمین پەیام ئەمەیە بە دوای ئەو شتەی برۆین کە ســـاڵەهایە یان قەدەغە بووە یان بەناوی نەتەوەیەکی تر لە قەڵەم دراوە. ئێمە وەك گرووپی بێســـارانی هەوڵ بۆ کاری وتاتار و واتابەخش دەکەین، پاراستن و پەرەپێدان بە موزیکی کوردی بەشـــێکە لە کاری ئێمە، هەروەها ئاشنا کردنی خەڵکی کوردســـتان بە دەنگی رەسەنی موزیکی کوردی.

*** ئایـــا موزیکی رەســـەنی کوردی بـــەرەو دووبارە بونیادنانەوە یان بەرەو نەمان هەنگاو دەنێت؟**

- کاتێـــك زانیارییەکان لە نەوەیەك بـــۆ نەوەیەکی تر ناگوازرێنەوە چۆن ئومێـــدت هەبێت کە موزیکەکەت پارێـــزراوە. کێمـــان هەیە بڵێ مـــن قوتابی » عەلی مەردان» بوومـــە و وانەم لێی وەرگرتـــووە؟ هەروەها لە ژەنیـــارەکان کاتێك دەڵێی بنیادنانەوە، لە ســـەر چ بنەمایـــەك بنیادی بنێیـــن و کێ دەیـــەوێ بنیادی بنێ؟ ناڵێم کەســـمان نییە بەڵکو دەمەوی بڵێم کەســـە شـــارەزاکان فەرامۆش کراون و هیچ لایەنێکیش خۆی بە خاوەنی موزیکی کوردی نازانێ. ئێمە تەنانەت یەك فیســـتیڤاڵی موزیکمان نییە. چوار سینەمامان نییە کەچی دە جۆر فیستیڤاڵی سینەمایی هەیە. من دژی ســـینەما نیم ئەویش پێویســـتە و گرنگە بەڵام رەوایە خاوەنی گەورەترین موزیکـــی جیهان بین و پەراوێزی بخەین؟ ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات مەبەستم لەم بەشەی کوردستانە دەبینە خاوەن موزیکێکی نامۆ کە پێی دەڵێن موزیکی کوردی و هیچ ناسنامەیەکی نییە.

*** ئێســـتای گۆرانـــی و موزیکـــی کـــوردی چۆن دەبینن؟**

- بارودۆخەکە دەبێ چۆن بێت؟ کار بۆ ئەوەی نەکراوە موزیك و هونەری کوردی ببێتە بەشێك لە ژیانی خەڵك وکار بۆ ئەوەی نەکراوە ئەو شتانەی لە کاتی ژێردەستی و بێ دەسەڵاتی خەریك بوو دیسان زیندوو بکرێت. ئایا لە دوای ئەم هەموو ســـاڵە و ئەم هەموو خەباتە و ئەو هەموو نەهامەتییە ئێســـتا هاتووین موزیکی تورکی و عەرەبی و موزیك بە شـــێوەیەکی ناڕێك کۆپی کراو بە ناوی موزیکی کوردی دەرخواردی خەڵك بدەین؟ پێشتر ئەوە دووبارە دەکراوە کە:

«چەك هەڵگری خاکێکم دوژمن بە ســـەری زاڵە من بوومەتە بێگانەوە بێگانە خاوەن ماڵە»

ئێســـتا لە کوردســـتان موزیکی بیانی بۆتە موزیکی کوردی و موزیکی کوردیش بێگانە بووە. بارودۆخەکە ئەوەنـــدە خراپە بە موزیکی ( پۆپ و رەپ و رۆك) بە مانە دەوترێت موزیکی کوردی!ئاتاکو نەڵێیت موزیکی رەســـەنی کوردی کەس لە مەبەستت ناگات! چونکە موزیکـــی کوردی پێناســـەیەکی تری پەیـــدا کردووە ئەمەش کارەساتە.

*** هونەرمەندان (عەدنان کەریم، بەهجەت یەحیا، خالید رشید) تا چەند هاوکاری گروپەکەتان بوون؟**

- لە گەڵ زۆرێك لـــە هونەرمەندان پەیوەندیم هەیە و خۆشحاڵم بەم پەیوەندیانە و بە سودی دەزانم. وەك باسم کرد کاری موزیکی تەمووورە کارێکی تازەیە بۆ کوردســـتان و بۆ کارێکی هاوبەشیش پێویســـتی بـــە ئاڵۆگۆڕێکی زۆری هەیە، چونکـــە دەنگ و موزیکی تەمووورە خاوەن تایبەتمەندییەکە کە پێویســـتی بە شـــارەزایی هەیە.

***هەماهەنگی و هاریکاریتان لەگەڵ گروپەکانی وەك کامگاران و عەندەلیبیەکان و گروپی شەمس چۆنە؟**

-لە گەڵ چەند کەســـێك لە خانـــەوادەی کامکاران دۆســـتایەتییم هەیە، بەڵام زۆرترین پێیوەندیم لە گەڵ گروپی (شـــەمس)ە. لەبەرئەوەی قوتابی مامۆســـتا کێخســـرۆ پوورنازری و ئەندامی گرووپی شەمس بووم و پەیوەندییەکی باشیشم لەگەڵ مامۆستا پوورنازری و کورەکانی هەیە.

*** بە نیازنین بەشداری لە چەند چالاکییەکی هونەریدا بکەن لـــە دەرەوەی وڵات و، چەند گرووپێکی هونەری بیانی بێنن بۆ کوردســـتان، دەکـــرێ ئەوەمان بۆ باس بکەی؟**

- رەنگە هێشـــتا زۆر زووە باســـی ئـــەوە بکەین، بە شێوەیەکی گشتی ئێستا پڕۆژەیەکمان لە بەر دەستە کار لەگەڵ چەنـــد هونەرمەندێکی دەرەوەی وڵات بکەین، هەندێکیان کورد نین و ئەمەش کارێکی جیاواز دەبێ و پێویستی بە کارێکی زۆریش هەیە.

***بوونـــی ئافرەت لە گروپەکەی ئێوە و لە نێو هونەری کلاسیکی و ئاشنا بوونیان بە موزیکی رەسەنی کوردی چۆن دەبینی؟**

- هەر لە ســـەرەتادا هیچ کێشـــەکەم لە گەڵ بوونی ئافرەت لە گروپەکـــەم نەبوومە و هیچ جیاوازییەکیش نابینم، گرنگترین شت حەز و ئارەزووی ئەو کەسانەیە کـــە دیانەوێ کاری موزیك بکەن و بە دڵنیاییەوە ئەو کەســـەی بە بەرنامە کار دەکات ســـەرکەوتوو دەبێت. بە دڵنیاییەوە هاتنی ئافـــرەت بۆ کاری موزیك جگە لە دەوڵەمەندکردنی شـــتێکی تـــر نییە، بۆ نمونە» لە ئێران دەنگـــی ئافرەت بە تەنیا لە گروپەکان قەدەغەیە ئەمـــەش وا دەکات موزیکـــی ئێرانـــی بێبەش بێ لە هەندێك داهێنان و دروست بوونی هونەرمەندی گەورە، ئەمڕۆ لـــە هەموو بـــوارەکان وایە کەسانێك سەردەکەون کە لە هەموو تواناکانیـــان ســـوود وەربگرن نەك بەشێکی پەراوێز بخەن.

